**دەنگەکان** :ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پاش ڕاپەرینەوە تا ئێستا لە دەرەوەی مەوعیزە و گوتارە سیاسییەکان خاوەنی چ پرۆژەیەک بوونە سەبارەت بە ئەنفال، هاوکاتیش ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکرێ خاوەنی چ پرۆژە و ئاسۆیەک بێت لەو بارەوە ؟

**کەمال ڕەئوف:**

# ئەنفال وەك یادەوریی تاڵ لە ڕابردووماندا
# ئەنفال وەك ترس لەئایندەماندا



سەرەتا پێش ووتنی هەرشتێ جێگەی خۆیەتی کە دەست خۆشیتان لێ بکەم بۆگرنگی دانتان بەم مەسەلەیەو کردنەوەو ئاوەلاکرنی باس لەمەڕ ئەنفال, دیارە ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەنا کەبەیادکردنەوەو بیرخستنەوەی ئەوکارەساتە ڕێز لەقوربانییەکانی ئەو ڕووداوە دەگرین و وەك وەفاداریەك بۆ ئەوان ئەم باسە دەوروژێنین, بەڵکە لەپاڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی کردەی ئەنفال وەك سیاسەتی قڕکردن و زۆرەملێیانە و کۆمەڵکوژی هێشتا بۆ ئێمەی زیندوو گرنگیەکی زۆری هەیە وپێویستی بەقسەلەسەرکردن و شیکردنەوەو خوێندنەوەی هەمەلایەنە هەیە, چونکە لە ڕاستیدا من پێم وانییە کە کردەی ئەنفال وەك ئەوەی کە ڕوویدا هەر جارێك یان وەك ڕووداوێك لەمێژوودا بەسەر ئێمەدا گوزەری کردبێت و ئیتر بۆهەتا هەتایە ماڵ ئاوایی لێکردبین, بەڵکە ئەشێ بلێن ڕەنگە لەئایندەشماندا کردەی ئەنفال لەشێواز وجلوبەرگێگی نوێدا بەناو ناونیشانێکی ترەوە خۆیمان نیشان بداتەوە , ئەمەش بە بەلگەی ئەوەی تاکو ئێستا لۆژیك و بروابوون بە کردەی ئەنفال لەنێو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا زیندوەو بەهێزی خۆیەوە باقییە ولەدەوروبەرماندا تەنانەت لە نێویشماندا دەژی, هەربۆیە دروستروایە ئەنفال وەك یادەوەریەکی تاڵ لەبیرەوەریمانداو وەك ترس لە ئایندەماندا چاوی لێبکەین و خاڵی لەسەر دابنێین. هەروەها بەر لەوەلاّم دانەوەی پرسیارەکانی بەرێزیشتان پێم باشە لێرەدا هەلۆێستەیەك بکەین لەسەر دۆزی ئەنفال وەك کردیەکی نامرۆڤانە و لایەنە مێژووەکەی هەڵبدەینەوە چونکە لام وایە زۆر کەس پێی وایە کە مێژووی کردەی ئەنفال دەگەرێتەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام ولەسەردەستی لەشکری ئیسلام دژبەهێزوو قەبیلە مەسیحی وجوولەکەکانی نیمچەدورگەی عەرەبی کرا, بەلاّم لەڕاستیدا مێژووی کردەی ئەنفال وەك کوشتنی بەکۆمەڵ و داگیرکردنی ماڵ و سامانی خەلکی مەدەنی و قڕکردن و کوشتنی منالّ و پیرو پەکەوتە بەبیانووی جۆراو جۆر زۆر لەو مێژووە کۆنترە کە لەشکری ئیسلام بەناوی خواوە ئەنجامیاندا, بەلاّم بۆ ئێمە ئەوەی کە ئەو دوو مێژووە لەیەکتر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئیسلام هات تیۆریزەی ئەنفالی کردو وەك کارێکی خواناسی و جیهادو کردەیەکی هەق شەرعیەتی پێداو لەقورئاندا گلۆپی سەوزی بۆ هێزەکەی داگیرسان تاکو نەیارانیان ئەنفال بکەن و سەرو ماڵی ئەوانی تر بۆخۆیان حەلالّ بکەن, بەلاّم لەگەڵ ئەوڕاستیەشدا ناتوانین بەمانای تەواوەتی کردەی ئەنفال تەنها ببستینەوە بەئاینی ئیسلامەوە یان تەنهابە ئایدیاو بۆچوونێکی دیاریکراوەوە چونکە ئەم کردەوە قێزەون ونامروڤانەیە باکگراوندێکی سیاسی و ئابوری فراوانتری لەپشتەوەیە , بەلگەش بۆ ئەوە ئەوەیە کە کردەی ئەنفال لەمێژوودا زۆرجا لە شوێنگەلێك ڕوویداوە کە لەوێدا ئاینی ئیسلام بوونی نەبووە یان بالاّدەست نەبووە, وەك ئەوەی کە لە سەدەی هەژدەو نۆزدەهەمدا ئینگلیزو و ئەمریکاییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر کردەی ئەنفالیان لەدژی هندیە سورەکان ئەنجام داوە بەتایبەتی لە ساڵی 1800 تاکو 1835 بە شێوەیەکی زۆر وەحشیانە کەوتوونەتە قرکردنی هندیەکان ولەناوچەکانی خۆیان دەریان کردون و شوێنەکانیان داگیرکردون ویاریان بە ئیسك پروسکی کوژراوەکان کردوەو پێست و پارچەی لەشیان کردوەتە دیاری بۆ ژنە ئەریستۆکراتەکان.

سەبارەت بەکردەی ئەنفال لەدژی خەڵکی کوردیش پێم وایە هەڵەیە گەر مێژووی کردەی ئەنفال لەدژی کورد بگێرینەوە بۆ ئەو ئەنفالەی کە لەهەشتاکاندا لەسەردەستی حکومەتی بەعس ئەنجامدرا و بەپێی هەندێك سەرچاوە ژمارەی قوربانیەکان بە 182 هەزار کەسە مەزەندەدەکرا, ڕەنگە گونجاوبێت گەر بلێن کردەی ئەنفالی 1988 ڕەشترین و خوێناوی ترین دواینترین کردەبووە کەدەرهەق بە مرۆڤایەتی بەگشتی و بەتایبەتی بە خەڵکی کورد کراوە, بەلاّم گەورەیی ئەم کردەیە نابێت ئەومان لەبیر بەرێتەوە کە بەر لەم ئەنفالە گەلێك کردەی ئەنفالی تر دەرهەق بەخەڵکی کورد کراوە لەوانەش دەرکردنی پتر لە سێ سەد هەزار کوردی فەیلی و داگیرکردنی سەروەت و سامانیان , هەروەها تورکەکانیش پێشتر بەشێوەیەك لەشێوەکان کوردیان ئەنفال کردوەو سیاستەتی کۆمەڵکوژی وکۆچی زۆرەملێیان بەسەرخەڵکی کوردا پەیڕەو کردوە.

ئەوەندەی کە دەگەرێتەوە سەر وەلاّمی پرسیاری ئەوەی کە لەدوایی ڕاپەرینەوە گوتارە سیاسیەکان چیان کرووە سەبارەت بەئەنفال, لەڕاستیدا دەتوانین بلێن هەندێك کار کراوە بەلاّم بەبەراورد بە گەورەیی کێشەکە دەتوانین بلێن گوتاری سیاسی کوردی تاکو ئێستا نەیتوانیووە ڕوودانی ئەم تراژیدایە بگوێزێتەوە ناوجەدەلێکی سیاسی و کۆمەلاّیەتی لەدەرەوەی خۆی, هەروەها نەتوانرا ئەنفال بکرێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و بخرێتە بەردەم ڕای جیهانیەوە, هەڵەی گەورەی ئێمە لەوێوە دەستی پێکرد کە ئێمە بەوە ڕازی بووین مەحکەمەکردنی سەددام و دارو دەستەکەی لەنێو خۆدا ئەنجام بدرێت بەم کارەش کێشەکمان بچووك کردەوەو کردمانە بەکێشەیەکی داخلی عێراقی کە دەبوو کەڵکمان لەو فرسەتە وەر بگرتایەو بەچاوی تۆڵە سەندنەوەیەکی تەقلیدیانە نەمانڕوانیایەتە سەددام و دارو دەستەکەی و هەوڵمان بدایە ئەوان لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرانایە, هەروەها لەپاڵ ئەم کارانەشدا نەتوانراوە لەڕێگەی نووسین یان نمایشکردنی دیکۆمینتی وفلیمگەلێکی بەهێزەوە کە تەعبیر لەمەعاناتی ئەو کارەساتە بکات ئەنفال وەك خۆی وەك ئەوەی کە ڕوویدا بەخەڵك بناسێنرێت , بەجۆرێکی تر گوتاری سیاسی کوردی لەمەر ئەم کێشەیە کەتاکو ئێستا دوکەڵی هەڕەشەی بەسەر سەری خەڵکەوە نەڕەوییوەتەوە لاموبالات بووە و بەشێوەیەکی مەزاجیانەو پچڕ پچڕ وکاتی هەڵوێستیان نیشان داوە کەدڵنیام حیزبە کوردیەکان ئیمکاناتێکی لەو جۆرەیان لەبەر دەستدابووەو لەبەردەستدایە ودەکرا تائێستا گەلێك کاری لەو چەشنە بکرایەو کورد بۆمەسەلەی ئەنفال خاوەن چەندین لیژانی پسپۆڕو و گروپی کۆمەلاّیەتی و نێودەوڵەتی بووایە. لە ڕووی سیاسی و فکریشەوە پارتی و یەکێتی وەك دوو هێزی کوردی و بەرپرس لەدۆزی ئێستا کوردی بەکردەوە نەیان توانیووە بەتەواوەتی ماکی کردەی ئەنفال لە فەرهەنگی سیاسی خۆیاندا بسرنەوە و ڕەتی بکەنەوە, ڕەنگە هەموو یەکێ تاسەر ئێسك دژی ئەوەبێت کە کردەی ئەنفال لەدژی بکرێت ئەمە مافێکی سروشتی هەموو کەسێکە و هونەرێکی تێدانییە, بەلاّم ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە تاچەندە تۆ دژی ئەوەیەت کە ئەوسیاسەتە لەدژی کەسی تر پەیڕەو بکرێت یان بەشێوەیەکی تر تاچەندە خۆت مولزەم دەکەی بەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان سیاسەتێکی لەو چەشنە لەدژی نەیارەکەت نەگریتە بەر! من دڵنیام پارتی و یەکێتی لەگەڵ یەکەمدا هەن بەلاّم بۆ دووهەم ناڕۆشنە بەڵگەشم بۆ ئەم بۆچوونەم ئەوەیە کە لە ڕووداوی شەڕی ناوخۆدا هەردوولا خاوەن گەلەك کاری لەو جۆرەن وئەنفال ئاسا مامەڵەیان دەرهەق بە خەڵك و لایەنگرانی یەکترکرد, جا هەر بۆیە ئەگەر تاکو ئێستا گوتارە سیاسیەکان خاوەن پڕۆژەیەکیش بووبێتن لەمەڕ ئەنفال ئەوا ناتوانین ناوی لێ بنێن پڕۆژەیەکی جدی و ناتوانین بیکەینە بەردی بناغەی دروستکردنی پڕۆژەیەك کە بەمانای تەواوەتی پڕۆژەیەك بێت بۆ ڕیسواکردنی کردەی ئەنفال لەرابردوداو بۆ بەرگرتن بە کردەی ئەنفال لەئایندەدا.

سەبارەت بە دواین پرسیاریشتان کە دەڵێت ڕۆژنامەگەری کوردی دەکرێ خاوەن چ پڕۆژەو ئاسۆیەك بێت لەمەڕ ئەنفال . پێم وایە سەرباری ئەوەی کە دەتوانین بلێن ڕۆژنامەگەری کوردی لەوەزعێکی باشدا نییە بەلاّم ئەوکارەی کە هەر ئێستا هەندێك لەمیدیای ئازادو ڕۆژنامە ئەهلییەکان وبرادەرانی ڕێکخراوی چاك ئەنجامی دەدەن سەرباری سەرنجم لەسەر پەرژوبلاّوی و نەبوونی پەیوەندی توندو تۆڵ لەنێوانیاندا و نەبوونی تاکتیك و میکانیزمێکی گونجاو بۆکارگەلێکی لەوجۆرە, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بەشێوازێکی سەرکەوتوی بدەینە قەڵەم, ئەوان هەرچەندە هەنگاوەکانیان زۆر بچوك و

شێنەییە ناگاتەوە بە خێرایی و قورسی ڕووداوەکان بەلاّم بەکردەوەش نیشانیاندا کە دەکرێت لەهەندێك بورادا سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت, هەربۆیە دەکرێت پشتیوانی بکرێن وخەڵکی سەربەخۆو ئازادیخوازی کورد بچنە ناو بازنەی کارکردن و هەماهەنگیەوە لەگەڵیاندا, ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە دەکرێت ڕێکخراوی چاك خۆی لە هەندێك کێشەی ئیداری ڕزگاربکات و میدیای ئازادیش خۆی لەومەنتیقە قوتاربکات کەلای وایە کاری ئەوان تەنها بلاّوکردنەوەی ڕووداو ووتار و ڕەخنەکانە.

ئەمڕۆ هەمووومان دەزانیین کە کارکردن لەسەر پرۆژەیەکی جدی کارێکی وائاسان وسادەنییە بەلاّم دەبێت چیتر هەمووان ئەو ڕاستیە بزانین کە بەتەنها چاوەڕێکردنی ئەوی دی یان بەجۆرێکی تر چاوەڕێکردنی پارتی سیاسی ناتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیفێکی جەماوەری سەرکەوتوو بەتایبەتی لەکاتێکدا کە لەهەلومەرجی ئێستاو ڕابردووی کوردستاندا پارتی کوردی نیشانی دا کە ئیدارەی کوردی و گوتاری سیاسی کوردی نەك هەر دەرهەق بە ئایندەی کوردستان بێلیاقە و دەستەوسانن بگرە لە ڕووی ئیداری و خزمەتگوزاری و حکومرانیشەوە ئوێدبەخش نین هەربۆیە ئاسان نییە کە مرۆڤ بڕوا بەوەبکات کە لەسەردەستی ئەوان ببینە خاوەن پرۆژەیەکی جدی بۆ مەسەلەی ئەنفال.